# بۆچی ئافرەت؟
# (سەرگوزشتەم لەگەڵ شیعردا)ی نزار قەبانییەوە

و/ عەبدولڕەحیم ئەحمەد



نزار قەبانی

بۆچی ئافرەتم لەنێو هەموو بوونەوەرە جوانەکاندا هەڵبژارد وەک دەرفەتێک و شیعرەکانمی تیادا بنووسمەوە؟

بۆچی ژن ئەو رووبەرە پانوبەرینەی کاغەزەکانمی گرتەوە و سێبەری خۆی بەسەر سێ بەشی تەمەنمدا درێژکردەوە؟

ئایا راستە من چوومە پێخەفی ئافرەتەوە و لێی دەرنەچوومە دەرەوە، وەک مامۆستا (عەباس مەحموود ئەلعەقاد) لە یەکێ لەوتارەکانیدا لەبارەی منەوە نووسیبووی؟

ئایا چاوم لەوە بووە ببم بە (عومەری کوڕی ئەبی رەبیعە)ی دووەم و لەنێوان دیوانی شیعری عەرەبی هاوچەرخدا جێگای

عومەر بگرمەوەو تاجی شیعری ژنانەی لەسەر سەریەوە بدزم؟

تاوانبارکردنەکە لەجێی خۆیدایە و جوانە .. قورسە لەسەر مرۆڤ تۆمەتی جوان رەتبکاتەوە..

ئەگەر تۆمەتەکە چارەنووسی پیاو بەوەزیرێک یا میرێک یان سولتانێک لەسولتانەکانەوە ببەستێتەوە، ئەو تۆمەتە روویەکی ناشیرینی هەیە، بەڵام ئەگەر چارەنووسەکە بەوانەی کە باخستانی ئەم تەمەنەن و باوەشبێنەکەین ببەسترێنتەوە ئەوە جوانترینی گوناهەکانن و نزیکترینیشیانە لە لێخۆشبوون.

دەپرسن: بۆچی لەسەر ئافرەت دەنووسم؟ بەوپەڕی بەرائەت و سادەییەوە وەڵام دەدەمەوە: بۆچی لەبارەی ئافرەتەوە نەنووسم؟

ئایا نەخشەیەکی وێنەکراو هەیە، ئەو سنوورە بۆ ئەو ناوچەیە قەدەغەکراوانە دابنێت شاعیر نەتوانێ لێی بچێتە ژوورەوە؟

ئەگەر لەوێدا نەخشەیەکی بەم جۆرە هەیە، کێن ئەو کەسانەی وێنەکەیان کێشا؟ ئایا ئەوانە ئەو نێرانەی عەشرەتن کە من بەشەو بەعەیب و بەرۆژیش بەسەرشۆڕی خۆیان دەزانن؟

ئەگەر کارەکە بەوشێوەیەبێت ئەوا من پاکانەی خۆم لەو هۆزە .. دەنووسم و لێی دەردەچم و هەموو بۆماوەکانیشی رەتدەکەمەوە.

من لەکاتێکدا بۆچوون و هەڵوێستە ئەرسەزۆکسییەکانی هۆزەکەم لەبارەی ئافرەتەوە رەتدەکەمەوە، واتای ئەوەیە هەر لەبنەڕەتەوە باوەڕم بەو میرنشینانە نییە کە مێیەتی بەعەیب و سەرشۆڕی دەزانن، وەیان ژنان بەهاووڵاتی پلە دووەم دادەنێن...

لەوڵاتێ وەک وڵاتەکانی ئێمەدا، پلاندانان بۆ سێکس هەتا ئێستا بەدەست پیاوەوە بووە. کەوابێ شتێکی بەڵگەنەویستە هەموو رێساکانی سێکسی بۆ باڵای پیاو قەبارەی غەریزەکانی پێوراوە، دەبووایە ئەو حوکمانەی کە دەرکرا لەبارەی تاوانەکانی کوشتنی سۆزمەندییەوە پاڵپشتی بکوژی بکردایە نەک کوژراو..

ئەمەیە لۆژێکی هۆز.. بۆیە منیش باری خۆم دا بەسەرشانمدا لەو خێوەتانەوە کۆچم دەکرد کە شمشێروەشێنەکان و خەنجەر بەدەستەکان لەناویاندا سەری ئافرەتەکان غلدەکەنەوە لەشێوەی یاریچی نەرد کاتێ بەردی یارییەکە غلدەکاتەوە. ئامادەبوونی شمشێرەوان لەکۆمەڵگای عەرەبیدا خورافەو سەرگوزشتە نییە، بەڵکو ئامادەبوونێکی رۆژانەو هەمیشەییە، بەجۆرێک دەست لەکاروباری رۆژانەی خەڵک دەستوەردەدات لەهەموو دەرگاکان و پەنجەرەکانەوە دزەی چاو دەکات، لەناو کانتۆر و پشتی پەردەکان و ژووری نوستنەکان خۆی دەشارێتەوە..

شمشێرەوان لەناو هەمووماندا جێنشینە، لەژێر پێستەی نەخوێندەوارەکانە، هەروەکو چۆن لەژێر پێستەی رۆشنبیرەکانە.. لەژێر داسی لادێ نشینەکانە، هەروەک چۆن لەناو جانتای مامۆستایانی زانکۆدایە.. لەناو خانووی قوڕەدارە – ڕاکاندایە، هەروەکو چۆن لەناو نهۆمی ئەو ئاپارتمانانەدایە کە بەمۆکێت و سیرامیک داپۆشراوە.

ئێمە کۆمەڵگایەکین لە لەشی ئافرەت دەترسین، بۆیە بەدزییەوە کودەتا لەدژی ئەنجامدەدەین و دادگاییدەکەین و مەحکوومی دەکەین، بڕیاری ئیعدامیشی لەمەنفاوە بۆ دەردەکەین.

ئێمە کۆمەڵگایەکین، سێ بەشی دامەزراوەکانی دەخواو، دەخواتەوەو، لەسەر حیسابی جنسی دووەم و حیسابی ژنەکانی دەلەوەڕێت.. تەنها نەخشەی شەرەف کە پشتی پێدەبەستین و لە قوتابخانەکانماندا دەیخوێنین نەخشەی لەشی ئافرەتە.. تەنها لەسەر لەشی ئافرەت سەربازگەکانی جەنگ و شوراکان و قەڵاکانمان ئاوەدانکردەوەو تەلی مینرێژمان درێژکردەوە، هەر لەسەر ئەم لەشە بنەماکانی چاکەو خراپەو رەوشتمان نووسییەوەو درووشمەکانی جوامێریمان لەسەری هەڵواسی، بەڵام لەشی پیاو،

لەدەرەوەی دەسەڵاتی شەریعەتەکان و یاساکان مایەوە، حوکمدەکا بێ ئەوەی حوکم بەسەریدا بکرێ .. دەخنکێنێ و خۆی ناخنکێنرێ.. بڕوانامەی ڕەوشتبەرزی هەڵدەگرێ. دادی بێ تاوانی، لەهەموو تاوانەکانی زینای ئاشکرا کە بەدرێژایی مێژوو ئەنجامی داوە، بەسەرا دەدرێ..

سەرباری هەموو ئەو درووشمە پێشکەوتنخوازانەی بەرزی دەکەینەوە، ئەو ئایدیۆلۆژییانەی ڕێنماییدەکەین و ئەو بڕوانامە بەرزانەی هەڵی دەگرین، هێشتا (سەرۆک هۆز) لەپشتەوەی ڕەفتارەکانمان و مامەڵەکردنمانە لەگەڵ جنسی دووەمدا.. ئێمە تاوەکو ئێستا ناتوانین لەبۆچوونی مێی- سەرشۆڕی رزگارمان بێت و چارەسەری خۆمان بکەین.. بەستنی مێیەتی بەنەنگی و سەرشۆڕی وای لە کۆمەڵگاکەمان کردووە لە دڵنیایی بێ بەش بێت و، چەقۆکەی لەکاتی خەوتندا لەژێر سەرینەکەی دابێت.. ئەو کۆمەڵگایانەی جوگرافیای مەمک لەناویدا لە جوگرافیای زەوی گرنگتربێت و بڕینی چەپکێک پرچ لە قژی ئافرەتێک لە دابڕینی هەرێمێک لە هەرێمەکان نیشتیمان ترسناکتر بێت، کۆمەڵگاگەلێکی ئاڵۆزەو بیر لەبەشی خوارەوەی دەکاتەوە.

ئەم باکگراوندە نەزانییەی مێیەتی بەبێ دادکردن و بەبێ بەڵگەو بەبێ شایەد مەحکووم دەکات، درژانگییەکانی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی رامیاری و ئابووری و ئەدەبیماندا رادەکێشێت. شیعریش ویژدانی نووسراوی نەتەوەیە، ئەویش رزگاری نابێت لەپاڵەپەستۆی دامەزراوە ئایینییەکان و هۆزەکییەکان و مێژووییەکان بەسەریدا، بۆیە ناچاربوو لەحاڵەتی عیشقدا پەنا بەرێتە بەر فێڵ و دەمامک پۆشین و هێما .. سیفەتی نێرایەتی بەخۆشەویست دا و تائی تەئنیسیشی لەترسی سەرشۆڕی لاداو شاعیرە سۆفییەکانیش بەرەو خوا رۆشتن، ئەشقیان لەگەڵ ئەودا ئەنجامدەدا و بۆ ئەویش خۆیان فەنا دەکرد، وەکو جۆرێک لە کەوتن یان راکردن. لەبەرئەوەی عەشقی خودا تەنها عیشقێکی شەرعییەو یاساو سزاکانی پێرانگات.. لە ئەنجامی ئەم بۆچوونە پۆلیسییە لەبارەی مێیینەوە، شاعیری عیشق لەم ناوچەیەدا بەشێوەیەکی خۆیەکی بەلادان لەسەر نەریتی شاری نموونەیی (المدینه الفاضله)و دامەزراوە گڤێنراوەکانی مەحکووم و تاوانبار دەکرا..

بێگومان منیش یەکێکم لەو کەسانەی شارەکانی خۆی و کابووسە فرۆیدییەکان لەرەحمەتی خۆی دەریان کردووەو لەمافە مەدەنییەکانی بێبەشیانی کرد و پاسپۆرتەکانیانی لێسەندەوە.. لێسەندنەوەی پاسپۆرتەکەم خەمم ناداتێ، شیعر وەک با بەبێ پشتگیری بەڵگەدار یان ڤیزەی دەرچوونی میری دەگەڕێ.. بەڵام ئەوەی خەمم دەداتێ ئەوەیە تەنها شارێک لەسەررووی ئەم زەمینە بمێنێتەوە شیعری خۆشەویستی بخاتە لیستەی مادە بێهۆشکەرەکان و شتە قەدەغەکراوەکانەوە و، شاعیر عەشقیش بەهاوولاتیی پلەی دەیەم دابنێت.

لەسەدا نەوەتی ئەو وتووێژە رۆژنامەوانییانەی لەگەڵمدا دەکرێت هەمان ئەو پرسیارەم لێدەکەن کە بۆ من بووە سەرئێشەیەکی رۆژانەو بازنەی تاقەتم دەبەزێنێ: بۆچی ئافرەتت وەک بابەتێکی سەرەکی بۆ شیعرەکانت هەڵبژاردو.. نیشتیمانت لەبیرکرد؟

خستنەرووی ئەم پرسیارە بەم شێوە دوژمنارییانە نیشانەی ئەوەیە پرسکەرەکان هیچ شتێک نە لەبارەی ئافرەتەوە نە لەبارەی نیشتیمانەوە نازانن. وای بۆ دەچن کە ئافرەت رەگەزێکی دژوارە بۆ نیشتیمان و لەگەڵیدا تاپشتە.. نووسینەوەش لەبارەیەوە یان هەوڵدان بۆ چوونە ناو جیهانەکەیەوە پەردەهەڵدانەوە لەسەررووی خەم و ئازارەکانی

تەکاندنی خۆڵی کۆبووەوەی سەروچاوی و لەشی بەدرێژایی هەزارەها ساڵ بەکارێکی دژ بەنیشتیمان دادەنرێت..

چەند بەستەزمانە ئەم نیشتیمانە! .. چەند رووبەرەکەی بچووکدەکەینەوە تاوەکو لە دەنکە گەنمێک بچووکتر دەبێتەوە. ئێمە لەناو دەستماندا تەنگی دەکەینەوە، دەیگوشین تاوەکو لەناو دارستانەکانیدا لە تەنها دارێک بەولاوە هیچی تیا نەمێنێ و، لەدەریاکانیشی جگە لە ئیسفەنجەیەک و، لەچاو داهاتووکردنیشی جگە لەنەخشەیەکی قوتابخانەکی .. و لەگەڵ سروودێکی سەربازی بەولاوە هیچی تری تیا نەبێت.

ئەو نیشتیمانەی ئێمە رەفتاری لەگەڵدا دەکەین نیوە نیشتیمانە.. چارەکە نیشتیمانە.. یان بەشێکە لەسەد بەشی نیشتیمان..

ئێمە مامەڵە لەگەڵ نیشتیمانی جوگرافی دەکەین و، نیشتیمانی دەروونی لەبیردەکەین. مامەڵە لەگەڵ میکرۆفۆندا دەکەین و بانگدەرەکە لەبیردەکەین، لەگەڵ کتێبدا و لاپەڕەکان لەبیردەکەین، لەگەڵ شوشەدا و بۆنەکەی لەبیردەکەین، لەگەڵ دەریادا و گەشتکەرەکان لەبیردەکەین، لەگەڵ ئاییندا و خوا لەبیردەکەین .. لەگەڵ سێکسدا و ئافرەت لەبیردەکەین... ئەم بۆچوونە پچڕپچڕە لای ئێمە نیشتیمانی کرد بەخانە لە یەک دابڕاوەکانی پارچەیەکی شەترەنج، هەر یەک لەشاعیرەکانیشی کرد بەبەردێکی شەترەنج و هەریەکێکیان هێڵی ئاراستەی خۆی و رۆڵی خۆی و چارەنووسی خۆیی لەناودا هەبێت.

شاعیری نەتەوایەتی لەخانەیەک و، شاعیری ئەشق لەخانەیەک و، شاعیری وەسف لەخانەیەک... و شاعیری لاوانەوە لەخانەیەک و، شاعیری ستایش لەخانەیەک رادەوەستێت. هەر یەکێک لەمانە قەدەغەیە ئەو خانەیە بەجێبهێڵێ کەخراوەتە ناوی. بەم شێوەیە چامەکانی شاعیر بووە شوێنی بەزۆر مانەوەی...

بەگوێرەی من، لەسەرم پێویست بوو -بەپێی ئەم لۆژیکە ئەندازەییە- لەناو چوارگۆشەی ژندا بمێنمەوە، لەبەرئەوەی لەناویدا لەدایکبووم و پێویستە لەسەرم لەناویدا بمرم..

کاتێ هەوڵمدا سنووری چوارگۆشەکە بشکێنم .. و لێیەوە بۆ چوارگۆشەکانی دی دەربچم، دەنگی یاریچییەکانی شەترەنج لەدژی من بەرزبووەوە لەبەرئەوەی بەسەرنجی ئەوان من لەیاسای یارییەکە لامدا.

کینەیان بەرامبەر بەمن زۆر گەورە بووەوە، لەبەرئەوەی پاش دۆڕاندنی حوزەیرانی ١٩٦٧ وێرام بۆ نیشتیمانەکەم بگریم.. تەنانەت فرمێسکە حوزەیرانییەکانمیان رەتکردەوە.. ئەوەی بەسەر سنگی خۆشەویستەکەیدا بگری مافی ئەوەی نییە بەسەر سنگی نیشتیمانەکەیدا بگری.. ئەوەی هەڵسوکەوتی ئەشق ئەنجام بدا مافی ئەوەی نییە هەڵسوکەوتی شۆڕش بکا..

ئەم شێوە قسەکردنە هەڵچووناوییە پێچراوەی بەم پاگژمەندییە شۆڕشگێڕییە، لەشۆڕش تێناگات تەنها لەکونێکی تەنگەبەرەوە نەبێت. لەگشتگیرییەکەی و دوورییە مرۆڤایەتییەکانی بەتاڵی دەکاتەوە بۆئەوەی لەناو شوشەیەکی ملباریکدا بەندی بکات، شۆڕشگێڕەکانیش بۆ بوونەوەرگەلێکی نادیار لەگۆشتەکەی جیا بکاتەوە و، خوێنەکەی و، پەیوەستییە زەمەنەکانی وەربگێڕێت.

دانی سیمای مەلائیکەتە وێنەکراوەکانی سەر بنمیچەکانی کەنیسەکان بەشۆڕشگێڕەکان، بۆ گیانلەبەرێکی میتافیزیکی بێ شەهوەت وەریاندەگێڕێ و، بۆ کۆمەڵە وێنەگەلێک... و کۆمەڵە پەیکەرگەلێکی داتاشراو هەڵیاندەگێڕێتەوە..

چەمکی من بۆ نیشتیمان و

نیشتیمانپەروەری چەمکێکی پێکهاتەیی و پانۆرامایییە. وێنەی نیشتیمان لەلای من وەک بنیادێکی سەمفۆنیا، لەملیۆنەها شت پێکدێت.. هەر لەدڵۆپە بارانێکەوە تا وەکو گەڵای دارێک، تا کولێرەنانێک تا مەزدیبە ئاوێک، تا کاغەزەکانی دڵداری، تا بۆنی کتێبەکان، تا کۆلارە کاغەزەکان، تا وتووێژی شەوانەی سیسرکەکان، تا شانەگەشتەکەرەکەی پرچی خۆشەویستەکەم، تا بەرماڵی نوێژەکەی دایکم، تا ئەو زەمەنە هەڵکەنراوەی ناو تەوێڵی باوکم..

لەم بالکۆنە فراوانەوە من نیشتیمان دەبینم، دەیگرمە باوەشم و لەگەڵیدا یەکدەگرم، نووسینەوە لەسەر نیشتیمان نەئامۆژگارییەو نەخوتبەیەو، نەبەرایی رۆژنامەیەکی رۆژانەیە بەشێوەیەکی دراماتیکی لەبارەی ئەسپەکان و سەرکەوتنەکان و سوارەکان و دوژمنەکانیانەوە کە ((پێستەکانیان لەپێش پێگەیشتنی ترێ و هەنجیر پێگەیشتن)) قسە بکەن. لەبارەی پاڵەوانییەکانی (ئەمیر ئەلمؤمنین)وە کە پێی بەسەر (برژانگی مردن بەخەوتنەوە) درێژ دەکاتەوە.. ئەم جۆرەی ناو جۆرەکانی نیشتیمانپەروەری کە پشت بەکۆپیکردنێکی فۆتۆگرافی بۆ کەرەستەکانی جەنگ دەبەستێت.. و بایەخ زیاتر بەو خەلیفەیە دەدات کە پارەی چاک دەدات زیاتر لەو بایەخەی کە بەمەسەلەکەی دەدات، بەڵام نیشتیمان تەنها کەرەستەی جەنگ نییە، نەتەنها گیرفانی ئەمیرئەلمؤمینینیشە.. بەڵکو شانۆیەکی گەورەی مرۆڤایەتییە لەناویدا خەڵک پێدەکەنێ و، دەگرین و بێزاردەبن، شەڕدەکەن و، ئەشق ئەنجامدەدەن، رەفتاری سێکس دەکەن، سەرخۆشدەبن، نوێژدەکەن، باوەڕداری دەکەن و، بێباوەڕی دەکەن، سەردەکەون و ژێر دەکەون..

لەم گۆشەکراوەیەوە لەدەرەوە بۆ ناوەوە بەسەر مرۆڤدا، رێگەدەدەم بەخۆم بەدەنگێکی بەرز بڵێم – شیعری من هەمووی لە سەرەتای یەکەم برگەیەوە بۆ دواخاڵ لەناویدا، بەبێ رەچاوکردنی ئەو مادده سەرەتاییانەی کە پێکی دەهێنێ و، ئەو مرۆڤانەی لەئافرەت و لەپیاو پڕی دەکەنەوە، ئەو ئەزموونەی رۆشنی دەکاتەوە جا چ ئەزموونێکی دڵداری بێت یان سیاسی.. ئەوە شیعرێکی نیشتیمانییە.

من قەناعەتم بەم نیشتیمانپەروەرییەی خۆم هەیە.. منیش لەناو مێژووی شیعردا چارەنووسم با وەک ئەو دووشاعیرە مەزنە بێت کە شیعرو ژیانی خۆیان دا بەخۆشەویستی و شۆڕش، ئەوانەش هەردوو شاعیری مەزن بایرۆن و لۆرکا بوون...

**کەوتنی بتپەرستی شیعری**

ئایا لەوێدا چامەیەکی عەرەبی مۆدێرن هەیە؟

ئایا دەتوانین بڵێین ئەو زەمینەی چامەی عەرەبی لەماوەی پانزە سەدەدا بەسەریدا دەڕۆیشت، بوومەلەرزەیەکی ناوەخت لێیدا و پێکهاتەی ئەندامی و جیۆلۆژی بەتەواوەتی گۆڕی؟

دڵنیام چامەی عەرەبی لە درەختی خێزانەکە جیابووەوە، بەتەواوەتی لەدەست (خانووی ملکەچبوون) و، ئامۆژگاری باپیران فیراری کرد.. دڵنیاترم.. کە چامەی عەرەبی دەنگی تایبەتی خۆی دۆزییەوە، پاش ئەوەی کۆمەڵێک لە رەفتاری زمانەوانی و رەوانبێژی بەولاوە هێیدی نەبوو، کە بەتێپەڕبوونی رۆژگار شێوەی سەلماندنی ئایینی وەرگرت کەهیچ شێوەیەکی وتووێژ ناسەلمێنێ.

جگە لەهەندێ دەنگی تاکڕەو نەبێت، زۆربەی چامە عەرەبییەکان لەڕاستیدا هەر یەک چامە بوو کە دەقی نموونەیەکی لەبەرکراو و، ئەزموونێکی بەسەرچووبوو.

سەرباری ئەوەی ئیسلام بتپەرستی لەڕەگەوە هەڵکەند و، بنەماکانی نەهێشت، بەڵام بتپەرستی شیعری بەهێزی خۆی

مایەوە. بتپەرستەکان حوکمی زمانی عەرەبییان بەدەستەوە مایەوە. بەهێزی بەردەوامبوون و بۆماوەیی دەستیان بەسەر جموجووڵەکانیدا دەگرت.

بەمردنی سەردەمی عەباسی، شیعر چووە ناو عەدەمێکی رووتەنەوە، چامەکان بوونە مردنێکی نووسراو. چامەی (مردوو) بەسەر ژیانماندا پێنج سەدە پاڵکەوت، کەس نەیدەوێرا بینێژێ، چامەکان لەو قۆناغەدا وەک مەزاری ئەولیاکان بوو، رێگەیان نەدەدا بەکەس پێ بەسەر رێزیاندا بنێ و پیرۆزییان ببەزێنێ. کاتێک ئینسانی عەرەبی لەبەرایی بیستەکاندا لەژووری سڕکردنەوە دەرچووە دەرەوە، دەستی کرد بەگەڕاندنەوەی هەستیاری بوونی سیاسی خۆی.. و هزرە بەندکراوەکەی بگەڕێنێتەوە. درکی بەوەکرد بارە نوێیەکەی پێویستی بەوشەیەکی نوێیە. دەرچوون لەسەردەمی تێکشکان نایەتەدی تەنها بەدەرچوون لەناو جلوبەرگی سەردەمەکانی تێکشکان و عەقڵییەتی سەردەمەکانی تێکۆشان نەبێت، پێش هەموو شتێکیش لە زمان و زاراوەکانی سەردەمەکانی تێکشکان.

ئەم گۆڕانکارییە سیاسییە توندوتیژانەی لە سەرەتای ئەم سەدەیە تووشی ناوچە عەرەبییەکان بوو، رووی نەدەدا بەبێ هەمان ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەمێشکی مرۆڤی عەرەب و زمانەکەیدا روویدا.

شۆرش کردارێکی نوێ و پەیڤێکی نوێیە لەهەمان کاتدا، یان جێبەجێکردن و بینینە، قورسە لەسەرم وێنەی شۆڕشێکی تازە بێنمە بەرچاوم هەمان وشەکۆنەکان دووبارە بکاتەوە.

ئا لێرەوە پێویستە لەسەر چامەی عەرەبی لەگەڵ شۆڕشدا هەڵبکا یان واز بهێنێ، یا دەبێ بەرەو داهاتوو پێش بکەوێ، یان لەناو گۆڕستانی مێژوودا خۆی بنێژێ و ببێ بەبیرەوەری...

لەڕاستیدا لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم چامەی عەرەبی گەیشتە تەمەنی قەیرەبوون و بەهۆی ئەو قەیرەبوونەی هیوای بەهاوسەربوون و هێلکەدانی خۆی نەما.. کەوابێ، چامەی مێژوویی دەبوایە پاشەکشێ بکات، پاش ئەوەی قەیرەیی درکی پێکرد، بوو بەمیوەیەکی وشک لەشێوەی دار کە ئاوی تیادا نەبێت. ئەمەش بەهیچ شێوەیەک ئەوە ناگەیەنێ کە چامەی هاودەم بریکارێکی مێژوویییە بۆ چامەی لاساییکردنەوە بەپێچەوانەوە لەگەڵیدا تاپشتەو جەمسەری بەرانبەری لێگرتووە. کاتێ چامەی کۆن وەکو کۆتەرەدارێکی بانکەوتووی ئاوی زمان و جۆرێک لەکاری دەرزی هەڵکەندنی سەرمس و کۆچێکی بێزاربوو لەناو مەملەکەتی نەحو و سەرف و عەرووز مایەوەو، بوو بەکۆپیکردنێکی فۆتۆگرافی واقیع بەسپی و رەش، چامەی تازە قورسایی ئەم میراتەی لەسەر پشتی خۆی فڕێدا، بڕیاریدا لەشوێنی لەدایکبوونی خۆی جیا ببێتەوە، ماڵی باوک بەجێبهێڵێ...

ترسناکترین کار کە چامەی عەرەبی هاودەم ئەنجامی دا ئەمانەی خوارەوەیە:-

١- دەرچوون لەناو زەمەنی شیعری عەرەبی راوەستاو، بۆ زەمەنێک بەشەکانی درێژ دەبێتەوە و، لەهەر چرکەیەکدا فراواندەبێتەوە. چامەی هاودەم بەسەردەمێکی تایبەت بەخۆیەوە هات، پاش ئەوەی هەموو شاعیرەکانی عەرەب لەزەمەنێکدا دەژیان. وەکو ژیان بەسەربردنی هۆز لەژێر رەشماڵێکدا. کە خواردنەکەشیان لە یەک مەنجەڵدا لێدەنا. ئەم نیشتەجێبوونە لەزەمەنێکدا تەمەنی شاعیرەکانی یەکخست، جا ئەوەی لەسەدەی سێهەمدا یا لەسەدەی دەیەمدا یان لەسەدەی سیازدەهەمی کۆچیدا لەدایکبووبێ، هەروەکو ئەوە دەکا لە یەک زەمەندا ژیابن..

٢- هەڵگەڕانەوەیەکی ترسناک سەرکردایەتی بزووتنەوەیەکی دژ بە

هەموو ئەو نەریت و نموونە زمانەوانی و رەوانبێژیانە کرد کە بەلەدایکبوونیانەوە لکابوو، شاعیری عەرەبی هاودەم خۆی زمانی خۆی دەنووسێت، نەک زمانەکە ئەو بنووسێتەوە بەچەمکێکی دیکە پابەند نابێت بەهیچ پەیوەندییەکی رابردوو کە وای لێبکات ببێت بەکارمەندی زاراوەکانی چامەکەی خۆی.

٣- کاری چامەی هاودەم وەکو جاران نەمایەوە بەوەی فێری شتێکمان بکات کە پێشتر فێرکرابووین، دووبارە شتێکمان بۆ رێکبخا کە پێشتر رێکخراوە، کارەکە وایلێهات بمانخاتە سەر زەمینەی سەرسوورمان و پێشبینییەوە و، بۆ شارەکانی غوربەت گەشتمان پێبکات. بەم واتایە چامە نەمایەوە بەوەی چاوەڕوانی چاوەڕوانیکەربێت.. وەکو جاران لەسەر دەستی دارتاشەکانی شیعرو بەبەغاکانی کە بۆ ماوەی هەزار ساڵ لەوەوبەر ئەنجامدەدرا، بەڵکو بوو بەپەرۆشمەندییەک بۆ ئەوەی کە نایەت و، چاوەڕوانییەک بۆ ئەوەی کە چاوەڕوانی ناکرێت.

٤- چامەی هاودەم لەڕووی موزیکەوە لە تەنگژەکان و حەتمییەتی بەحرەکانی خەلیلی و، بتپەرستی و یەکبوونی قافیە رزگاری بوو، هەموو نیشانە سوورەکانی هاتوچۆ کە رێگای جووڵانەوەی لێدەگرت و باڵەکانی سەربەستیی دەبڕی، شکاند. میوزیکی چامەی هاودەم، دەقێکی نووسراوی نییە، لەشێوەی مەقام بەشرەفەکان و مووەشەحاتەکان تۆمار ناکرێن، ژەنینێکی بەکۆمەڵیشی بۆ ناژەنرێ، وەکو ئەو خوێندنەوە شیعرییانەی شاعیرە هاودەمەکانی عەرەب خستیانەڕوو.. لەبەرئەوەی میوزیکی ئەم شیعرە، لەخودی کرداری نووسین و ئێش و ئازارە بەردەوامەکان و، گیانبازی لەگەڵ نادییاری زمانەوانی و دەروونییەوە دێت، نەک لەو دەنگ و نەغمانەی کەڵەکەبووە لەناو گوێی ناوەکیماندا بەشێوەیەکی کاتی و پابەندبوون هەڵگیراوە. لەبەرئەوەی میوزیکی شیعری هاودەم لەنێوان شاعیرو جیهاندا گیانبازییەکی کەسایەتییە، هەروەها لەنێوان شاعیرو زماندا ناتوانرێ بۆ شێوازی کۆتایی کە چامەی عەرەبی لەداهاتوودا پێیدەگات پێشبینی بکرێ. گومان لەوەدا نییە هەرچەندە سەربەستی گەورەتر بێتەوە، پێشهاتەکان زۆرتر دەبن و، شیعر رووبەری زۆرتر لەزەمینەی تازەی دەستدەکەوێ کە خەونی هەرگیز بەو مۆڵکایەتییە نەدەدی. (پەخشانە چامە) یەکێکە لەو دورگە جوانانەی کە سەربەستی بۆ شیعری عەرەبی کردی بەدیاری.

٥- لەڕووی ئەندازیارییەوە گۆڕینی پلانی گشتی چامەی عەرەبی لەڕەگوڕیشەوە.. دیوارە ناوەکییەکان، ئەو بەربەستە لێکدابڕانەی کە چامە کۆنەکانی دەکرد بەئوتێلێک بەسەدەها ژوورەوە.. ئەو ئەپارتمانە هەوربڕەکان بەسەدەها نهۆمەوە نەهێشت...

چامەی هاودەم بەشێوەیەکی جیاواز ئەندایارە، پلانی خۆی دەکا بەئاسۆیەکی دیاریکراو بەڕووی ئاسماندا. ئاو و، ئاسمان و، لم و گیاوگژی دەریایی و، بایەوانی کەشتییەکان لەناو شینایییەکی یەکساندا ئاوێتەدەبن.. هەروەکو دارستانە چڕەکان لەگەڵاو درەخت و، سەمفۆنیا مەزنەکان، هیچ لێکترازانێک لەنێوان بەش و گشتدا نییە، لەنێوان درەخت و بازنە دارستانێکەیدا نییە، لەنێوان نەغمەو شوێنەکەی لەناو ئیقاعی گشتیدا نییە، دێڕە شیعری عەرەبی گۆشەگیر، وەک شوێنەوارە قەڵایەکی دێرینە کە تێر بووی خودی جوانی وێنەکەی و کارامەیی سەنعەتکەیەتی، یان کارتێکراوی پەندەکەیەتی، بەوەوە نەما کە مەترسی لەسەر گرنگی و ستراتیژییەتی شیعری هاودەم لەسەر نەخشە دروست بکات، چونکە شاعیر بەندیواری جیهان دەبڕێت و، وەکو بەرق رووی

شتەکان رووناکدەکاتەوە.. بەبێ راوەستان لەوێستگە بچووکە ئازووقەدارەکان کە پێیان دەگوتن (ابیات القصید)..

٦- چامە وەک تیرێکی لێهات بەئاراستەی قوولایی بڕوات، پاش ئەوەی بازنەیەکی وێنەکراوی سەرئاو بوو. هەرچەندە تیرەی بازنەکەی فراوان بێتەوە زیاتر هەڵدەوەشێتەوە.. ئەم گۆڕانکارییە لەجووڵەدا لەدەرەوە بۆ ناوەوە لەبڕواپێهێنانی هەر پێنج هەستەکە، تاوەکو خەونە نادیارەکان و، پێکهاتەکانی عەقڵی ناوەوە، لەدەستلێدانی پەنجەکانەوە تاوەکو دەستلێدان بەپەنجەکانی راهاتن لەرووناککردنەوەی راستەوخۆو سەرەتاییەوە تاوەکو رووناککردنەوەی سەردەمانە کە یاریی سێبەرو هێما بەتەواوی دەزانێ، ئەمە وای لەچامەی هاودەم کرد کە زیاتر لە یەک دووریی هەبێت. ئەم هەموو هەڵگەڕانەوانە لەبونیادی چامەی عەرەبی هاودەم بەشێوەی تەقینەوەیەکی جیا لەهەموو یاساکانی مێژووی ئەدەبی و پێشبینییەکانی روویدا، خەریکە بڵێم لەدایکبوونی بەم شێوە ناکاوە، لەدایکبوونێکی نالۆژیکی بوو. بەو بەڵگەیەی چێژی عەرەبی گشتی هێشتا لەناو خۆشی و سەرسامیدایە لەبەردەم ئەم منداڵە تازە لەدایکبووەی کە لەناو چاویدا هیچ سیمایەکی باوباپیرانی خۆی پێوە دیار نییە. ئەگەر زەوقی گشتی لای عەرەب لێکدەینەوە، لەکاتی خوێندنەوەی چامەی تازە یا گوێی لێبگرین، شێکی چاوەڕوانکراوو سروشتییە، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم چامەیە لەزەوقی گشتیی عەرەبی پێشکەوتووە، لەدواییشدا توانای هەبووە بۆ ئامادەکردن و ڕێخۆشکردنی.

٧- چامە کۆنەکان ئاسانن، لەبەرئەوەی سروشتەکەی ئاسۆیی و ئاشکرایە، ئەندازەکردنی گشتیشی ڕێکەوتەکان و ناکاوەکانی هەڵناگرێ، چونکە کۆمەڵەیەکی ئامادەکراو لەکارامەییە شێواوشێوەکان و ئارایشکراوەکان، کە هەرکەسێ لێی بزانێ دەتوانێ بچێتە ناو سەندیکاکەیەوە... ئا لێرەوە حوجرەکان و مزگەوتەکان و تەکیەکان و، گۆشەکان و، چاخانەکان و، کۆمەڵە خێرخوازەکان و، بازنەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری، ئا ئەمانە ئەو ئەکادیمییانەن کە هەزارەها سیستەمزانی عەرەبی لێوە دەردەچن.

٨- شیعری تازە ماندووبوونی بۆ هێنایەن، لەبەرئەوەی نهێنی بۆ هێنایەن، پرسیاری ئاراستەکردین، ئەوەی فێرکردین کە نەماندەزانی، بەڵام شیعری کۆن یان بەلای کەمەوە هەرە زۆرەکەی، ئەوەی فێرکردین کە دەمانزانی پێش ئەوەی پرسیار بکەین، وەڵامی دەداینەوە و، فڕێی داینە سەر رایەخی تەمبەڵی و دڵنیایی. شیعری مەزن هەرگیز لەگەڵ دڵنیاییدا رەفتار ناکات، بەچەمکێکی دیکە شیعری مەزن گوێ بەسەلامەتی ئەو کەسانە نادا کە دەیخوێننەوە، بەڵکو کودەتا لەسەر سەلامەتییان بەرپادەکا و، دەیانخاتە ناو بازنەی ترسناکەوە.

٩- شیعری هاودەمی عەرەبی لەپابەندبوونەوە بۆ بەربەرەکانێکردن هەڵسووڕایەوە، لەکارە کۆنەکەی وەک گۆرانیبێژی ناو جۆقی پاشا یان سایسی ئەسپەکانی، یان پشوودەری ژنەکانی، وازی هێنا. بۆیە ئەمڕۆ شیعرەکانمان لەدەرەوەی ئەو شارانەی گۆڕانکاری رەتدەکەنەوە لەمەنفادا دەژین. شاعیر لەپێکدادانێکی بەردەوام لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەی دەیەوێماڵی بکا، دەژێت و لووەکانی رەتکردنەوەی لەناودا لێکبکاتەوە، وای لێبکا ببێت بەدەنگێک لەناو کۆمبارسی وەزارەتی راگەیاندن. سیستەمەکان بەشێوەیەکی گشتی بەرووی شاعیردا رادەوەستێ، لەبەرئەوەی نموونەی بەردەوامی و دان بەخۆداگرتنە، لەکاتێکدا شاعیر نوێنەری ورەو جووڵەو گۆڕانکارییە. بەم شێوەیە

دەزوولەی توندوتیژ دەپچڕێ، باوەڕیش نامێنێ، ناوی شاعیریش دەخرێتە لیستی تێکدەران و ئاژاوەچییەکان و لەیاسا دەرچووەکان.

١٠- تێپەڕاندنی سنوورەکانی هۆزو بۆچوونە شوێنەکییەکانی لەلایەن شاعیری هاودەمەوە و، ئازارە بچووکەکانی بەیاریدەی هۆکارە ژیارییە تازەکان و، کشانی قەبارەی گۆی زەوی و، تەقینەوەی رۆشنبیری و زانستیی لەجیهاندا، بۆ ئەوەی بیرێکی گەردوونی بکاتەوەو هەستێکی گەردوونی هەبێت و، ببێت بەبەشێک لەخۆشیی جیهان و خەمەکانی. بەڵام تەنها ترسی من لەشیعری هاودەم، لەلێکچوونی نموونەو زاراوەو رەمزەکانی دروست بووە، بەجۆرێک خوێندنەوەی چامەیەک لەم شیعرە شوێنی ئەوە دەگرێ نموونەکانی دیکەشت خوێندبێتەوە. ئەم دیاردەیە زۆر ترسناکە لەبەرئەوەی شیعری هاودەم بۆ جارێکی دیکە بەرەو بازنەی گەڕانەوەو دووپاتکردنەوە دەباتەوە.. لەدواییشدا رێگەی هەمان هێڵی بەیانی وەردەگرێ کە شیعری ستوونی وەریگرتبوو.. دەچێتە ناو هەمان بازنەی داخراوەوە.

**چامە.. ئەو نادیارەیە**

کاتێ کە چامە گەواڵەدەبێ چاوەدێریکردنی ئاسان نییە. ئەو شاعیرەی هەوڵبدا لەجووڵانەوەی پەنجەکانی لەسەر کاغەز رابمێنێ، لەو کەسە دەچێ کە سواری پاسکیل دەبێ لەجوولەی هەردوو پێی خۆی رادەمێنێ و دەپەشۆکێ و هاوسەنگی لەدەستدەدات.. ئەو شاعیرەی خۆی دەنوێنێ و دەڵێ گوایە دەزانێ کەی ئاوی ناو جیهانە جوانییەکانی دەجووڵێتەوە، بێ ئاگایە لە راستی یارییەکە.. من لێرەدا بەراستی دان بەوەدا دەنێم، من دەنووسم هەروەکو ئەوەی سەیارەکەم لێدەخورم، بێ ئەوەی لەمیکانیزمی نووسین هیچ بزانم، یان لەبارەی میکانیزمی سەیارەکەوە هیچ بزانم.

سواربوونی فڕۆکە خۆشە، بەڵام بیرکردنەوە لەهەزارەها هاوکێشەی بیرکاری کە بۆ بەرزی ٣٣هەزار پێ بەرزی دەکاتەوە.. خۆشی گەشتەکە تێکدەدات. سواربوونی چامە شتێکی وەک ئەوانە وایە، ئەزموونی شیعریم فێری کردم ئەوەندە بیر لە جانتاکان و بلیتەکانی سەفەر و، ڤیزەکانی دەرچوون و، ناوی ئەو ئوتێلانەی کە تیا دەمامەوە، نەکەمەوە.. ئەوەی پەیوەندی بەمنەوەیە سەفەرەکە خۆیەتی. دان بەوەدادەنێم من بیر لەڕابردووی چامەکەم ناکەمەوە شتێکم لەلایە بیڵێم، بەڵام نازانم چییە... سەری شاعیر وەک سکی ئافرەتە.. نادیارە داخراوەکانە، پڕ لەو بوونەوەرانەی کە ناتوانین سنوور بۆ پێکهاتەو رەگەزەکەی دیاری بکەین. لەبەرئەوەی قورسە لەسەرم باس لەمیکانیزمی چامەو رێگای ئیشپێکردنی بکەم.. لەناو یاریی شیعردا بنەمای گشتی نییە ئەگەرچی هەندێ زیرەکمەندی کەسایەتی تیادا هەیە. ئەوەندەی پەیوەندی بەمنەوەیە لە سەرەتاوە کە چامەم بۆ دێ لەشێوەی رستەیەکی ناتەواوی بێ تەفسیرە. وەکو بروسکە لێدەدا و وەکو بروسکەش وندەبێ. هەوڵی گرتنی بروسکە نادەم، وازی لێدەهێنم بڕوات، تەنها ئەو رووناکییەی لە سەرەتاوە دروستی دەکات بەسمە.

دەگەڕێمەوە بۆ تاریکاییەکە، چاوەڕوانی بریقانەوەی برووسکەکە سەرلەنوێ دەکەمەوە. لەوانەیە چاوەڕوانییەکەم درێژەبخایەنێ و لەوانەشە کەم بخایەنێ، بەڵام من هەرگیز هەوڵی ئەوە نادەم بروسکەیەکی دەستکرد دروست بکەم.

لەکۆمبوونی بروسکەکان و بەیەکەوە گەیشتنیان گەشانەوەی خودی سەرەتایی دروستدەبێت و لەسەر زەوییەکی روون و دیار دەست بەکارەکەم دەکەم. تەنها لەم قۆناغەدا دەتوانم بەتوانای خۆم دەست لەچاودێریکردنی چامە وەردەم و، بەعەقڵ و بەحوکمی

دیدەکانم ببینم و، رەفتاری رەخنەی خودی لەسەر بکەم.

لەقۆناغی یەکەمدا دادپێدراو دەبم، لەقۆناغی دووەمدا خۆم دەبم بەدادوەر، بەچەمکی روونتر، لەقۆناغی یەکەمدا من بینراوم.. بەڵام لەقۆناغی دووەم من بینەرم..

چامە بەشێوەیەکی یەکسەری بۆم دبێت، جاری وا هەیە لەناو چاخانەدا دەرگاکەم دەکاتەوە، جاری واش هەیە لەگەڵمدا سواری پاس دەبێت. هەندێجار لەکاتی پەڕینەوەمدا بەسەر شەقامێکدا چەمکی ساقۆکەم دەگرێت. کەوابێ ئامادەیە پێش ئامادەبوونی.. هیچ شتێک چاوەڕوان ناکات جگە لەو دەرفەتە گونجاوەی دەرگاکە بکاتەوەو بێتە ژوورەوە.

بێگومان من بیری لێدەکەمەوە، بەڵام بیرکردنەوەش لەزەمەنی ئامادەبوونی، نەپێشی دەخا نەدوای دەخا. لەوێدا چامەگەلێک هەن وەک چامەی(حبلی) بۆ ماوەی دە ساڵ مامەوە بیرم لێدەکردەوە.. ئامادە نەبوو هەتاوەکو ساڵی یازدەهەم نەبێت ئەو کاتە دەرگای کردەوە..

باشترین ئارەزووم ئەوەیە بەرانبەر کاغەزێکی پاک دابنیشم و چاوەڕوانی ئەو ماسییە بم کە دەریا هەڵیدەگرێ و بۆمنی دەهێنێ. لەوەیە ئەو ماسییە بەرۆژێک، یا بە هەفتەیەک، یان بەمانگێک.. یا ئەوەتا هەر نایەت، رەوشتی ماسی و رەوشتی چامە وەکو یەک وان، ئەوەی ماسییە جوانەکانی خۆشبوێ دەبێ دان بەخۆیدابگرێ.. لەبەرئەوەی دەریا هەردەم پاداشتی دانبەخۆداگرتووەکان دەکات.

**کەوابێ چۆن دەنووسم؟**

هەرکەسێ لەبەیرووت بێتە ناو نووسینگەکەمەوە .. هەردەم کاغەزی رەنگاوڕەنگ لەپێش چاوم دەبینێ.. لەسەر یەکیان وشەیەک.. لەسەر دووەمیان دوو وشە.. لەسەر سێهەمیان هیچ.

وردبوونەوە لەبەتاڵایی کاغەز ئەموروژێنێ ..و هیوام دەداتێ. هەروەکو منداڵێکی دانیشتوو بەدیاری ئاوێکی پەنگخواردوو .. چاوەڕوانی هاتنی ماسییەک دەکات.. من لەدیار کاغەزەکەم سەرنجی جوولانەوەی پەتی قولاپەکەم دەکەم..

من شاعیرێکی بەپەلە نیم.. هۆکاری بێ رەوشتی بۆ گرتنی ماسییەکە بەکار ناهێنم.

لەم گوتەیەمەوە دەمەوێ بەدوو خاڵی سەرەکی بگەم:

١. چامە خۆی بۆ لای شاعیر دێت بۆ ئەوەی بینووسێ نەک بەپێچەوانەوە. بەواتایەکی دیکە شاعیر خۆی چامەکە نانووسێ، بەڵکو چامەکە ئەو دەنووسێتەوە.

٢. ئامادەبوونی چامە لەسەر کاغەز زۆر دواکەوتووترە لە زەمەنی بەرجەستەبوونی راستی چامەکە. دواشێوەی، یان ئەو شێوەیەی کە دەیخوێنینەوە. دواوێستگە کە شەمەندەفەرێکەم پاش سەفەرێکی دووردرێژ کە لەوانەیە بگاتە هەزارەها ساڵی هەتاوی پێی بگات.

**شیعر لەکوێوە دێت؟**

شاعیر بەهەڵەدا دەچێت ئەگەر وا تێبگات کە چامەکەی بەتەنها دەنووسێتەوە. من هەندێ جار وا هەستدەکەم گشت مرۆڤایەتی و مێژوو بەهەموو درێژەپێدانی سەردەمەکانی جاهیلی و ئیسلامی و ئەمەوی و عەباسی.. هەروەها زیندووەکان و مردووەکان لەنووسینەوەی چامەکەم بەشدارن.

دڵنیام من هەوڵی ئەوە دەدەم پەیوەندییە مێژوویییەکان و کاتییەکانی تیرەگەری و رۆشنبیری رەتبکەمەوەو ئیدیعای سەربەستی و تاکڕەوی بکەم.

دڵنیام من هەوڵی ئەوە دەدەم پاکانە لەو کارتێکەرانەی پەیوەستە بەلەدایکبوونمەوە بکەم، بەڵام چی لەو کارتێکەرە دەروونی ئەندامییانەی پێش لەدایکبوونم بکەم، کە وەک خاڵێکی قووڵە کە نە لادەبرێ و نەش دەسڕێتەوە.

بۆ نموونە زمان، کراسێکی ئامادەکراوە بۆ لەخۆگرتنی لەشی هەموو منداڵەکانی هۆز. بەشێکە لە میراتی نەتەوایەتی و لەو وەسیەتە پیرۆزەی ناتوانرێ

سەرپێچی لێبکرێت. هەروەها ڕێگاکانی بیرکردنەوەو گوزارشتکردن و، لۆژیکی سەرنجدان لەژیان و شتەکان و پێهەڵچوونیان، هەموو ئەمانە کراسگەلێکی هەڵواسراون لەناو جلهەڵگری مێژوودا، دەگەڕێ بەدوای ئەوانەی لەبەری دەکەن.

بێگومان هەندێ لەمنداڵە ئاژاوەگێڕەکانی خێزان دەتوانن لێدان بخۆن لەسەر ئەوەی جلی براگەورەکانیان لەبەردەکەن. دەتوانن بەهەوەسی خۆیان بیانبڕن و گەورەو بچووکیان بکەنەوەو.. کراسە مێژووییەکان بەڕووبەری لەشی خۆیان ڕاستبکەنەوە، بەڵام قوماش هەمان قوماشەو.. دەزووە لۆکەییەکان، دوگمەکان.. ناوئاخنەکان هەروەک خۆیان .. چۆن بوون .. دەمێننەوە. ئەمانە هەمووی بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە چامەکان لەسەداسەد پابەندی ناسنامەی تەنها زەمەنی نووسینیان نین، بەڵکو پابەندی ناسنامەی ئەو زەمەنە پێکهاتووانەن کە ڕەگوڕیشەیان بەپانی و بەدرێژی دەچێتە ناو ناخی زەوییەوە.

ئەی دەربارەی کرداری نووسین خۆی؟ چۆن دەسپێدەکات .. چۆن گەشە دەکات.. چۆن کۆتایی پێدێت؟

پەیوەندی چامە بەو کاغەزەی کە لەسەری دەنووسم.. پەیوەندییەکە زۆربەی سیماکانی لە یاریی سێکس دەچێت. دەستپێدەکات هەروەکو چۆن هەموو پەیوەندییە لەشییەکان دەستپێدەکات. بەئارەزووی داگیرکردنی ڕووبەرێکی نەزانراو، لەهەرێمێکدایە کە ناناسین.

کاغەز لەبەرچاومدا لەشێکە ناینـاسم، بەتاڵییەکی سارد دەگەڕێ بەدوای کەسێکدا دایپۆشێ، بەندەرێکی کراوەیە بەڕووی گشت کەشتیوانەکاندا و، گشت ڕاوچییەکانی مرواریدا.

کاغەز، هەروەک ئافرەتێکە، پێویستە ڕێسای یارییەکە بزانێ و بنەماکانی ڕاو ڕاکێشانی قوربانییەکانی خۆی بەرجەستە بکا...

کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ بەگوێرەی من، بتەڵەیەکە بەئاسانی تێی دەکەوم، کاغەزی ئەرخەوانی ئەمورووژێنێ هەر وەک چۆن گای ئیسپانی پێ دەورووژێ لەپێش درندەیی ڕەنگی سوور. ئامادەبوونی چامە، کەوابێ، لەسەر زیرەکی کاغەزەکەو ئامادەبوونی دەروونی و لەشمەندی بۆ ماچکردنی ئەشق ڕادەوەستێ.. هەندێجار هەستدەکەم کاغەز ئامادەیە، ڕەفتاری خۆشەویستی لەگەڵیدا .. سەرکەوتووانە ئەنجامدەدەم.. زۆر جاریش هەست بەوە دەکەم کاغەزەکە ئامادەنییەو نایەوێ چامەی لەسەر بنووسم.

بۆیە جلەکەم لەبەردەکەم و دەچمە دەرەوە...

هەموو شتێک لەجیهاندا داگیر دەکرێ جگە لە کاغەزەکان نەبێت. کاتێ چامە دەخشێ بەلەشی کاغەزەکەدا، ڕاڕایی و زمانگیری و، ترسی ژێرکەوتن دایدەگرێ. لە کرداری داهێناندا، هەروەکو کاری سێکسی پێویستە سروشتی ئەو زەمینەیە بناسرێت کە لەسەری دەڕوات، دەبێت نزیکبوونەوەو گونجاندن و، بەرەبەرە سەرکەوتن بۆ باری نێرڤانا ڕووبدات..

چامە لەڕێگەی خۆیدا بۆ ئەوەی ببێت بەچامە، بیر لەهیچ شتێک ناکاتەوە، پلانیش بۆ هیچ شتێک دانانێت.. هەروەکو یارییە ئاگرییەکان بەهەموو لایەکدا دەتەقێتەوە. شێوەگەلێکی چاوەڕواننەکراو وەردەگرێت.

من کاتێ دەنووسمەوە ناتوانم بزانم چامە بۆکوێم ڕادەکێشێت، نەش قەبارەی ئەو ناکاوانەی کە لەگەڵیدا چاوەڕوانم دەکات.

لەژێر هەر وشەیەکدا مینێک خۆی شاردۆتەوە، لەدوای هەر نێوەندێکەوە نادیارێکی نوێ چاوەڕوانمان دەکات، زمان هەر خۆی هەندێ جار بەدوای خۆیدا ڕامانەکێشێ، هەروەکو هێسترەکان گالیسکەکانی بەفر ڕادەکێشن.